

گۆران محمد: ئیسلامی سیاسی بە بۆمب دەزانم ل...٦



ستیان و بۆن و میکیاج و جل و بەرگی کچان لە بەسەرکردنەوەیەکی لێدواندا ل...٤



لەداخی خەڵك و زەمانە ریشم بەرداوەتەوە ل...٥



پشت کۆگای دەرمانی رانیە ل...١٠


# لێدوان
Ledwan

ژمارە (٦) شوباتی ساڵی (٢٠٠٨) نرخی (٥٠٠) دینارە

رۆژنامەیەکی رۆشنبیری گشتی ئازادە دوو هەفتە جارێك لە شاری رانیە دەردەچێت


### لەناوەندی دەروازەی رانیە

## سێ خوێندکار قژیان مەقەستکاری دەکرێت



سـێ خـوێـنـکـاری کـوری خوێندنگەی نـاوەنـدی دەروازە لـە رانـیـە، دوای ئـەوەی لەلایەن ئیدارەی خوێندنگەکەوە ئاگادار دەکرێنەوە، کە قژیان چاك بکەن، بەلاّم ئەو خوێندکارانە بریارەکە جێبەجێ ناکەن، رۆژی ٣٠/١/ ٢٠٠٨ بەرێوەبەری خوێندنگاکەو یاریدەدەرەکەی دوای ئەوەی جوێنی زۆریـان پـێـدەدەن، بە مەقەستێك دەکـەونە وێـزەیـانو قژیان ئەتك دەکـەنو زۆریـش لە یەکێك لەو خوێندکارانە دەدەن بەناوی (پ) کە داوای کردووە، ئەتکی نەکەن..بۆ ل ٢

# بە پێی راپرسیەك بازاڕی ئازاد لەکوردستاندا نیەو بەرەڵلاییە

رێـکـخـراوی توانا سـازی لاوانـی کوردستان بە هاوبەشی لەگەڵ رێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت لە راپرسیەکدا بارودۆخی ساڵی ٢٠٠٧ لە تێروانینی گەنجانی کوردستانەوە تاوتوێ دەکەن لە بەشێکی راپۆرتەکەدا هاتوە :
٣٢٪ی گەنجان متمانەیان بە سەرکردایەتی سیاسی کورد نیە بۆ گێرانەوەی ناوچە بەعەرەبکراوەکان بۆ سەر کوردستانو جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠.
٦٣٪گـەنجـان پێیان وایـە حکومەتی هەرێم وسەرکردایەتی سیاسی کوردستان لە دەرکردنی بریارە گرنگ وچارەنوسسازەکاندا پرس ورا بە جەماوەرەکەی خۆیان ناکەن.
٤٤٪گەنجان پێیان وایە دابونەریتی کۆمەلایەتی لەکۆمەڵگای کـوردیـدا رێـگـرە لـەبـەردەم ئازادیەکانی گەنجاندا.
٦٦٪گـەنجـان بـروایـان وایـە کە بـازاڕی ئازاد لەکوردستاندا نیەو بەرەڵلاییە.
ئـەو راپـرسـیـە لـەرێـی فۆرمێکی زانستی ئامادەکراوی راپرسی دا، کەماوەی ئەنجامدانی شەش مانگی خایاندوە ئەنجام دراوەو تێیدا، ٤٠٢٩ گەنج بەشداربوون لەسەر ئاستی هەر سێ پارێزگای هەرێمی کوردستان، رێـژەی ٢٦١٤ رەگەزی نێربوون، ١٤١٥رەگەزی مێ بەشداریان لە وەلاّمدانەوەی ئەم راپرسیە کردووە، لەنێوان تەمەنی ١٦ تـاوەکـو ٢٠ ، (١٢٩٩) .. لە تەمەنی(٢١_٢٥) ، (١٤٥٤) بەشداربوو هەبوو. هەروەها لەتەمەنی (٢٦_٣٠)سـاڵ (٨٥٨) بەشداربوو هەبوو... لەتەمەنی (٣١_٣٥)ساڵی (٤١٨) بەشداربوو هەبووە زانیاری زیاتر لە لاپەرە ٣دا دەخوێننەوە.

## قەرەیلان: فەرمان بەکەس ناکەم تەقینەوە بکات

دوای ئـەوەی لـە١٥ی١٢ی ساڵی رابردوو فرۆکەکانی تورکیا هێرشیان کردە سەر قەندیل و پاش تەقینەوەکەی دیاربەکر موراد قەرەیلان. سەرۆکی گشتی پەکەکە رەتیکردەوە کەفەرمانی بەکەس کردبێت بۆ ئەنجامدانی چالاکی خۆکوژی قەرەیلان بـەرۆژنـامـەی پۆلەتیکای راگـەیـانـد کەبێوکانت و ئەردۆگان نەدەوێران بێنە دیاربەکر ئەگەر ئەوان فەرمانیان بەکەس کردبا کە کاری خۆکوژی بکەن . ئەمەو قەرەیلان دوای لێدوانەکەی جەمیل بایك جارێکی تر رەتیکردەوە کەلەفەرهەنگی پەکەکەدا نیە تەقینەوەی وا هەبێ ، سەرکردایەتی پەکەکەش وەئەستۆ گرتنی ئەم تەقینەوەیە قبووڵ ناکات بەلاّم ئەوەی نەشاردەوە کەپەکەکە بەهەزاران لایەنگری هەیە بۆ ئـەوەی چالاکی فیدائی بکات بەلاّم ئەوان فەرمانی وادەرناکەن. بۆ ل..٢

## بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی رانیە، وەڵامی لێدوان دەداتەوە

دوای بلاّوبوونەوەی چەند سەرقەڵەمێك لـە راپـۆرتـێـکـی دەسـتـەی چـاودێـری دارایـی لە رۆژنـامـەی لـێـدوان، لەسەر بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی رانیە، راگەیاندنی بەرێوەبەرایەتی ناوبراو چەند روونکردنەوەیەکی بۆ لێدوان ناردووە، کە وەك خۆیو بێ دەسکاری لە لاپەرە ٢ دا دەیخوێننەوە، هەروەهالێدوان ئەو مەلەفە داناخاتو لە کاتی پێویستدا زانیاری وردتر لەسەر راپۆرتەکە بە خوێنەرانی دەگەیەنێ .

## بۆ چوونە قەندیل رێگە بە رۆژنامەنووسان نەدرایەوە



دوای ئەوەی رۆژنامەنووسان گەیشتنە بازگەی ئاسایشی دەروکۆتر، بۆشکاندنی ئابلوقەی سەرقەندیل، سۆران عومەری رۆژنامەنووس، قسەی بۆ ئامادەبوانو کەناڵەکانی راگەیاندن دەکرد، لەو کاتەدا رەحمان غەریب، لەگەڵ چوار رۆژنامەنووسی تر کە رۆژی پێشووتر، بەشێوەی نهێنی چووبونە قەندیل، رەحمان غەریب لەو دیو بازگەکە رایکرد بۆ ناو رۆژنامەنووسانو بەلاّم هێزەکانی ئاسایش ویستیان بیگەرێننەوە، رۆژنامەنوس سۆران عومەر هەوڵی رزگارکردنی رەحمـان غەریبی دا، لە ئەنجامدا سۆران عومەر بەهۆی پاڵەپەستۆی نێوان هێزەکانی پۆلیسو ئاسایش، بـاری تەندروستی تێك چوو، رەوانەی نەخۆشخانەی قەلاّدزێ کرا، لە بەرامبەردا حەیدەر حاجی سەعید، بەرێوەبەری ئاسایشی راپەرین ئەوەی رەت کردەوە کە لەهیچ رۆژنامەنوسێك درابێو وتیشی ئەوە بریاری حکومەتەو بەهیچ شێوەیەك رێگە نادەین رۆژناموووسان بچنە قەندیل، لای خۆیەوە رەحمان غەریب ئەوەی بە لێدوان راگەیاند، کە داواکاری ئێمە تەنیا شکاندنی ئەو ئابلوقەی راگەیاندنە، کە لەسەر قەندیل دانراوە، دواتریش لە بەردەم نەخۆشخانەی قەلاّدزێ سۆران عومەر ناوەرۆکی رووداوەکەی بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن گێرایەوەو وتیشی بە داخەوە تەمەننای ئەوەم دەکرد ئەوە نەبوایەو سوپاسی پزیشکانی قەلاّدزێی کرد کە زۆر هاوکاریان کردووە.

## دوای ئەوەی رووتدەکرێتەوە شۆفێری لۆریەك دەسگیردەکرێت

**تایبەت بە لێدوان**

سەرچاوەیەکی نزیك لە ئاسایشی بالیسان بـە لـێـدوانـی راگـەیـانـد، دوای ئـەوەی تەنکەرێك بەنزین لە بازگەی ئاسایشی سەروچاوە تێپەردەبێو لەلایەن بازگەکەوە دەسگیر ناکرێ، بەلاّم لە رێگا لە لایەن چەند کەسێکەوە رووتدەکرێتەوە، بۆیە دەیەوێت بازگەی ئاسایشی بالیسان فریای بکەون، بەلاّم بازگەکە دەسگیری دەکەن، هەروەها لەلایەن ئاسایشی راپەرینەوە ئەو پۆلیسانەی بازگەی سەروچاوە دەگیرێن، کە تەنکەرەکەیان ئیزنداوە، هەروەها چەند کەسێك بە لۆریەکەوە دزیـان کـردووەو بۆ شکارتە رایـان کـردووە، دوای چەند دەسرێژێك لەلایەن دزەکـانو وەلاّمـی هێزەکانی ئاسایشەوە، سێ لەو دزانە دەگیرێنو رەوانەی کۆیە دەکرێن.

## گۆرانکاری لە سنوری ئاسایشی راپەریندا دەکرێت

سەرچاوەیەك لە بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی راپەرین بە لێدوانی راگەیاند کە بەنیازن بۆ باشتر راییکردنی کارەکان ، کۆمەڵێك گۆرانکاری لە دامەزراوەکانی ئاسایش لە سنورەکە بکەن، هەروەها لە لایەکیترەوە لیدوان زانیاری ئـەوەی دەست کەوتوە کە بەرپرسی ئاسایشی سەنگەسەر لە ناو گۆرانکاریەکەدایە، بەلاّم لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا بێ ئاگایی خۆی لەو بریارە راگەیاند

## پەیکەرەکانی حەوشەی پەیمانگای هونەرە جوانەکان تێكو پێك دەشکێنرێن



بەگوێرەی وێنەکان رێژەی پەیکەرە شکێنراوەکان زۆرنو بەرێوەبەری پەیمانگا، شکانی دانەیەکیان پشتراست دەکاتەوە
شایەتحاڵێك: پێش دوو سـێ رۆژ پەیکەرەکان ساغ بـوون، بـەلاّم دواتـر هەموویانمان بەخاپوورکراوی بینی، بەلاّم مامۆستا هەژار بەرێوەبەری پەیمانگای هـونـەرە جوانەکانی رانیە بۆ لێدوان بەو شێوەیە باس لەو رووداوە دەکات: رۆژی ٢٥/١/٢٠٠٨ کۆمەڵێك قوتابی سەرەتایی لە قوتابخانەکانی بیتوێنو کـێـوەرەشو ئـاکـۆو دووخـوێـنـدکـاری خوێندنگەی ناوەندی گولستان، هاتونەتە حەوشەکە بۆ یـاریـکـردنو یەکێك لە پەیکەرەکانیان شکاندووە، دواتر لەلایەن ئـەوانـەوە قوتابیو کـەسو کارەکانیان بانگ کردووە بۆ لێکۆڵینەوەو لە ئەنجامدا دەرکەوتووە کە ئەو منداڵانە پەیکەرێکیان شکاندووەو هیچ دەستێکی لە پشتەوە نەبووە، مەبەستی منداڵەکان ئەوەبووە بزانن چی لەناو پەیکەرەکەدا هەیە، مامۆستا هۆکاری ئەمەی گێرایەوە بۆ نزمی سیاجەکەو شوێنی پەیمانگا کە لەناو ماڵاندایە, ئەو کاتیش چاودێرەکە سەرقاڵی کارێکی تری پەیمانگا بووە، چونکە ئەوان خاوەنی تەنها یەك پاسەوانن و ئەو پاسەوانەش فریای چاودێریکردنی هەموو بیناکە ناکەوێ، هەروەها دەربارەی پەیکەرەکانی تر دەڵێت: ئەوان لە ئەنجامی باران داخوراونو هەندێکیشیان لە قالب دەرنەچوون، چونکە پەیکەرە باشەکانیان لە ژوورەوە دانـاونو لە فیستیڤاڵدا نمایشیان دەکـەن، بـەلاّم شایەتحاڵەکە پێی وابـوو تەنیا سـێ رۆژ بـەس نیە بۆئەوەی باران پەیکەرەکان دابخورێنێتو بیانروخێنێت، بەرێوەبەر لەکۆتاییدا باسی لەوە کرد کە بەڵێنیان پێدراوە پاسەوانی تریان بۆ دابین بکەنو ئەوەشی نەشاردەوە کە پێشبینی زۆر شتی تر دەکەن، ئەگەر شوێنێکی گونجاوو لەبار بۆ پەیمانگا دابین نەکرێو سیاجەکەی بەرز نەکرێتەوە.
بۆ بینینی راپۆرتێکی وێنەیی روخانی پەیکەرەکان، سەردانی لاپەرە ١٠ بکە.

## ناوەندی رەگەزنامەی رانیە ١٧٣٩٣ رەگەزنامەی دەرکردووە

ناوەندی رەگەزنامەو باری شارستانی رانیە، لە ٢٤/٧/٢٠٠٤ بە فەرمانی بەرێوەبەرایەتی رەگـەزنـامـەو بـاری شارستانی سلێمانی دامـەزراوەو ئەمەش بە پێی بریاری وەزیری ناوخۆی ئەوکات (عوسمان حاجی مەحمود) کە بۆ سەرجەم قەزاکان دەری کردبوو، سەرەتا فەرمانگەکانی رەگەزنامەی سنوری ئیدارەی قەزای رانیە هەمویان سەر بە ناوەندی رانیەن کە پێك هاتون لە فەرمانگەی ئەم شارو شارۆچکانە (رانـیـە، چـوارقـورنـە، بێتواتە، حاجیاوا، سەرکەپکان).
بە پێی ئەو زانیاریانەی کە لەو ناوەندەوە بە رۆژنامەکەمان دراوە، کـاری ناوەندەکە دەرکـردنـی رەگـەزنـامـەی عیراقیە بـۆ ئەو هاولاّتیانەی کە پێناسی باری شارستانیان سەر بە فەرمانگەکانی سنوری قەزانو بەپێی ئەو ئامارانەی ئاماژەیان پێدا، تا ئێستا ١٧٣٩٣ رەگەزنامەی عیراقیان بەم شێوەیە بۆ هاولاّتیان دەرکردووە:
ساڵی ٢٠٠٤، بریتی بوە لە (٣٦٧٩)
سـالـی ٢٠٠٥، بریتی بـوە لـە(٥٥٩٤) رەگەزنامەو ساڵی ٢٠٠٦ (٤٨٠٠) و ساڵی ٢٠٠٧ (٣٠٠٠) رەگەزنامەو ساڵی ٢٠٠٨ بریتی بوە لە (٣٢٠) رەگەزنامە .

## حاجیە تورکەکان لەماڵی خوداشدا مامەڵەیان باش نیە

**دیاری محمد**

مامۆستا غەریب ئەحمەد مستەفا بەرێوەبەری ئەوقافی راپەرین بۆ لێدوان روونیکردەوە کەجیاواز لەساڵانی رابردوو ئیمساڵ حاجیانی کوردستان لەماڵی خودا زۆر ئاسودە بوون ئەویش بەهۆی ئەو خزمەتگوزاریەی کەوەزارەتی ئەوقاف پێشکەشی کردبوو ناوبراو ئەوەشی بۆلێدوان روونکردەوە بۆ ماوەی هەفتەیەك لەعەرەبستانی سعودی لەسەر باڵەخانەی حاجیانی کوردستان ئۆتۆمبێلەکانیان تەنیا وێنەی نوری مالکی هەلواسرابوو ئێمەش دواتر وێنەی بەرێزان مام جلال و کاك مەسعودمان لەسەر ئۆتۆمبیل وبالاّخانەی حاجیانی کوردستان هەلواسی بەرێوەبەری ئەوقاف سەبارەت بەهەڵوێستی نەتەوەکانی تر بەرامبەر بەکورد ئەوەی نەشاردەوە کەتورکەکان لەماڵی خوداشدا وایاندەزانی کورد غەدریان لێدەکات بەراستی هەڵوێست و مامەڵەی حاجیانی تورك بەرامبەر کورد لەهەڵوێستی مرۆڤی ئەم سەردەمە نەدەچوو ئاماژەشی بەوەکرد بەهۆی ئەو زوڵم و غەدرەی لەکورد کراوە هەمو ئەو نەتەوانەی ترکە ئێمە بینیومانن کوردیان باش دەناسیو بەوە وەسفیان دەکرد کەزۆرسینگ فراوان و لێبووردەیە